بەڕێزان خوشکە خەجیج، شلێر خانم و کاک کەماڵ حیسامی

بەداخ و کەسەری گرانەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک کەریمم لە دوورە بیست.

کاک کەریم کە ماوەیەکی زۆر لەخەمەتی لە ریزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا تێکۆشاوە شوێنی تایبەتی خۆی لەو ماوە دوورو درێژە دا لەسەر سیاسەت و کاری رێکخراوەیی حیزب هەبووە وجێ پەنجەکانی لە ژمارەیەکی زۆری رۆژنامەی کوردستان دا دیارۆ بەر چاوە.

هەروەها لە سالانی دوایش دا جگە لەوەی وەک سیاستزانیکی شارەزای کورد ئەرکی نیشتیمانپەروەری و کوردایەتی خۆی بە رێوە بردوە زۆر نوسراوەی ئەدەبی و سیاسی و لیکولینەوەی پربایەخ و شوێن دانەری، پیشکەشی بارەگای گەلی کورد کردووە و چەند کتیب و پەرتووکی بە کوردی وەر گیراوە کە جیگەی سەرنجن.

بەش بە حالی خوم فەوتی کاک کەریم بو کورد بە خەساریکی سیاسی و ئەدەبی هەلدەسەنگینم بەم بۆنەوە لە ئیوە بنەمالەی بەرێزی کاک کەریم و هەموو کورد پەروەرانی خەباتگیر و نووسەرانی کورد سەرە خوشی دەکەم و هیوادارم درێژەدەری بروا و قەلەمگیرانی زۆر بن و ئیوەش بە سەبری کوردانە تەحەمولی ئەو موسیبەتە بکەن.

بەدلەوە لە هەلگرتنی باری قورسی غەمتان دا بەشدارم. روحی کاک کەریم شاد بێ و ئیوە دوستانی سلامەت بن.

برا و دلسۆزتان جلیل گادانی ٢٠٠١.١٠.٢١